كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەكی ئەلەكترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی كوردییە
www.kurdistannet.org

8-11-2007 13:33 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

**وریابن مەبن بە سوپای حەمیدیە، خۆپیشاندانتان لە دژ دەكەین ... قادر نادر**

دوای ئەوەی هەڕەشەكانی ئەم جارەی سوپاو حكومەتەكەی ئەردۆگان بەرەو فشاری زیاتر و هەرەشەی



هێرشكردن چوو، لەسەرەتادا زۆرینەی بەرپرسانی دەسەلاتی كوردی هەلوێستییێكی بوێرانەیان نواند، بەتایبەتی سەرۆكی هەرێم، ئەم دو هەلویستە لە (هەرەشەی توركیا و یەكرەنگی و بوێری هەلوێستە سیاسیەكانی كورد) لەهەندەران و ناوەخۆدا وەك كاتی دەستگیركردنی ئاپۆ خۆپیشاندان ونارەزایەتی بەرفراوانی جەماوەری لێ كە وتە وە، بە خۆپیشاندان لە پایتەختەكانی ئەمەریكاو ئەورپا، نەوەستا، بەلكو بەردەوامە لە زۆرینەی شارەكانیشدا، ئەمە جگە لە بوونی دەیان شێوە دە ربرینی نارەزایەتی تر لە هەندەران وناوخۆ. دیارە ئەم نا رەزایەتییە بەرفراوانانەش بۆتە هۆی بەرزبۆنەوەی زیاتری هەستی نەتەوایەتی و یەككگرتوویی گەلی كورد لە هەندەران، یا لە قامیشلۆ و سلۆپی بێت یان لە هەولێر و سلێمانی دوزخورمات و رانیە....، سەرجەم ئەم نارەزایەتی و بارودۆخە سیاسییەش وای كرد سەر لە نوی كێشەی گەلەكەمان بچێتەوە ناو میدیا و ناوەندە سیاسییەكانی جیهان.

كەچی ئەوەی ئێستا هەستی پێدەكرێت و هەنگاوی بۆ دەهاوێژرێت بەرەو ئاقارێكی مەترسیدار تر دەروات، وەك داگیركردنی بارەگاكانی پارتی چارەسەری و ئابلۆقەدانی راگەیاندن و ئابووری قەندیلی سەربەرز، رازیبون بە بۆردومانی ئاسمانی گەرێلا شۆرشگێرەكانی پكك و قسەو باس لەسەر ئەوەش دەكرێت كە فرۆكەخانەكانی هەولێر و سلێمانی توند بكرێت تا ئەندامانی پكك لەمەودوا نەتوانن بچنە دەرەوەی كوردستان و یان بێنەوە.

ئەم هەلوێستە نوێیانەی دەسەلاتی كوردی زۆر مەترسیدارە، بە هۆی ئەوەی گەورەترین زیان دەگەیەنێت بەو گیانە شۆرشگێرانەیەی كەئێستا وەك رابونێكی نەتەوەیی یەككگرتاوانە لەنێو تاك و كۆمەلی كوردید ا دروست بووە هەر لە پایتەختەكانی ئەورپاو ئەمریكا بێت یان لە قامیشلوی بریندارو سلۆپی بەناو سنور.

بیگۆمان ئەگەر ئەم هەلویستە نەگەتیڤانە بەردەوام بێت كاریگەری زۆرخراپ دادەنێت لەسەر هەلوێستی سیاسی، پارت وریكخراوە كوردستانییەكان و رەشبینی وتێكشكانەكی تریش دەبێت بۆ سەرتاكی كورد، ، ئەمە جگە لەوەی ئەو گیانە شۆرشگیرییەی كوردان یەكجار لاواز دەكات، دیارە سەرجەم ئەم لایەنە نێگەتیڤانە لەبواری مەیدانی وپراكتیكەوە گەورەترین دەستكەوتی سیاسی و سەربازییە بۆ سوپاو دەسەلاتەكەی حكومەتە كە ی ئەردۆگان و تێكشكانێكی سیاسیشە بۆ دەسەلاتی كوردی كە چووە تە پای داخوازیەكانی دەولەتی توركیا.

ئاخر ئەم دەسەلاتەی ئیمە بۆ 16 سالە نەیتوانیوە هەلوێستێكی مێژویی و بەرپرسیارانە بۆ خۆی تۆمار بكات، ئای لەو شەرمەزارییەی كە جەنەرال (ئایتاج یالمان) كە سەرۆكی پیادەی سوپای توركیا دەلێت: بەهۆی نكۆلی كردنمان لەبوونی كورددا پكك هەیە، وەدان بە هەلەكانی خۆیانا بنیت، كە چی نێچرڤان بارزانی سەرۆكی حكومەتی كوردستان دەلێت: دەبێت پكك چەك دابنێت و كاری سیاسی بكات، بەریز سەرۆكی حكومەت ئەوە توركاییە یان پكك كە ئامادە نییە بەهیچ شێوەیەك دانیشتن وگفتۆگۆ نەك لەگەل پكك بگرە لەگەل ئێوە ش بكات، دواتر كەی كاری حكومەتی كوردستانە كە ئیدانەی كوشتنی 13 سەربازی توركیا لەناو خاكی نەوەك هەرێمی كوردستان بگرە ژێر دەسەلاتی توركیا بكات؟؟؟ ئەم

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بلاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
8-11-2007 13:33 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

هەلوێستە ئەوەندەی لە هەلویستی سەرۆکێکی وەک تا جیکستان و تورکمانستان دەچێت لە هی کوردستان ناچێت؟؟؟. ئاخر چ گالتە جارییەکە سالح متەلەگێک کە هەلوێستەکانی وەک بە عسیەکانە، کەچی لەبەرنامەیەکی کەنالی ئاسمانی عەرەبیەدا لە فوئاد مەعسوم سەرۆکی فراکسیۆنی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی باشتر بێت!!؟ ئەی چەندە شەرمەزارییە لەنێو خودی تورکیای کەمالیزمدا، دەتەپە بارەگاو خۆپیشاندان دژ بە لەشکرکێشی تورکیا دەکات، ئاپۆشیان پێ سەرۆکە، وەسەدان بارەگاو بەرپرسیارەتییان هەیە لە سەرۆکی شارەوانی و بونی 22 ئەندام پەرلەمان کە جی پارتی چارەسەرییەک کە کپ و هێمن دانیشتووە بارەگاکانیان داگیردەکرێت، باشە ئەم دەسەلاتە کوردییە بۆ پرسیار لە تورکیا ناکات دەتەپە جیاوازی چییە لە پچدک!!!

ئای چەندە شەرمەزاریشە بۆ بەرپرسانێکی وەک هۆشیار زێباری کە تا دوێنی سەدام وبەعس بە خەباتی رەوای کوردیان دەوت تێکدەر (مخەرب) ئێسات بەهەمان ئاواز دژ بەبرا کوردەکانی (پکک) لە میدیاکانی عەرەبی و تورکیدا بەردەوام دەلیت تیرۆریستە. لەهەمووی تالتر بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستانە کە تا دوێنی جوانترین هەلوێست و بەرپرسیارانە بەرەنگار و راگەیاندنی دژ بە هەرەشەکانی تورکیا دەدا، .. کە جی لە ژێر دەسەلاتی ئەودا سەرلەنوێ بزمارێکی تر لە تابوتی ئەو هەناسە دیموکراتیە دراو و ئابلۆقەی هاو شێوەی بەعس ئاساش بخرێتە سەر ئەو کورو کچە شۆڕشگێرە گەریلایەنەی کە تەمەنی گەنجیتی خۆیان لەبری خۆشیەکانی ژیان لە ئەورپاو دەسەلاتا لە نیو ئەشکەوت و سەرمای قەندیلا ببەنە سەر، کە چی ئێوەش بەرامبەر بەو پیرۆزییەی خەباتیان ببنە هاریکار وەک سوپای حەمیدیە بۆ سەرسەخترین دوژمنی گەلەکەمان!!؟؟؟

لەکۆتایشدا ئەوە دە لێیم سەرۆکی هەرێم کۆتایەکانی هەلوێست دەچیتە ناو لاپەرەکانی مێژو نەوەک سەرەتاکانی. وە من تێ ناگەم یەکێک تۆزێک ئەخلاق و مرۆڤ دۆست و کورد پەروەر بێت، چۆن ئابلۆقەی ئابووری، دەخاتە سەر کورانی بەفرو ئەشکەوت لە قەندیلا، ئاخر هەردوێنی بون ئێوە لەو شوێنە بوون، کەس ئازارو خەمەکان و ئابلۆقە بۆ سەر قەندیل تێ نەگات ئێوە تێ دەگەن. یان لە پێناوی دەسەلاتتانا ئامادەن کورد و خاکەکەی هەراج بکەن.

بارودۆخی ئێمرۆ بە هاریکاریکردنتان لەگەل تورکیا بۆ سەر گەریلا، سالانی 92، 97، 2000 نییە، گەر بەردەوام بن لەم هەلوێستە خراپەتان، ئە وا لەهەندەرانەوە هەیبەت و دیواری ترستان دەروخێ، هەموو شتێکیش بەس سەرەتاکانی ئاستەمە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.